ڕەخنە



# دیووە شکۆمەند و دزێوەکانی مەرگ:
# شەهید، خۆکوژ، فیداکار !

بڕوا عەلادین

jineftin.krd

رەخنە


ماڵپەڕی ژنەفتن ٢٠٢١

jineftin.krd

## بەرایی

کەسانێك هەن کە نایانەوێت بێهودە و لە خۆڕا بمرن و هەروا بکوژرێن، بەڵکو مەرامیان لە مەرگی خۆیان دروست کردنی نموونەی ئیدیاڵە بۆ پاش خۆیان، خولْقاندنی چەشنێك لە مۆدێلی باڵایە تا ئەوانی تر چاوی لێبکەن. ئەو چەشنە مرۆڤانە نایانەوێت پاش مەرگی خۆیان بە تەنها لاشەیەکی مردوو بن، خوێنێکی ڕژاو یان تەرمێکی نێژراو بن و بەس، بەڵکو خەمیانە کە لە میمۆریاڵێك، پەیکەرێك یان گۆڕێك زیاتر بن: ئەوانە دەیانەوێت شەهید بن! بەڵام ئایا شەهید خۆی چییە؟

شەهید چ پەیوەندییەکی بە جەستە و بەخشینی گیانەوە هەیە؟ جیاوازییەکانی نێوان شەهید و گیانفیدا و خۆکوژ و گیانبەختکردوو چین؟ ئایا شەهید جەستەیەکە بەختکراو یان جۆرێکە لە شاهیدی دان بە خودی خوێن خۆی بۆ کێشەیەك یان مەسەلەیەکی پیرۆز؟

ئەنگێزەی سەرەکی (***میشێل ئاسار***) لەم کارەیدا دەگەڕێتەوە بۆ خولیای وروژاندنی پرسیارگەلێك دەربارەی پەیوەندی نێوان مەرگ و کەسی مردوو خۆی، بەو مانایەی چ کۆنتێکستێکی مێژوویی یان سیاسیی و ئاکاریی وا دەکات مەرگێك ئاسایی بێت، مەرگێکیش شکۆمەندانە و لوتبەرزانە؟

بۆچی مەرگێك هەیە جوامێرانەیە، مانادار و سرووشبەخشە بۆ نەوەکانی پاشتر، مەرگێکیش هەیە پوچ و بێنرخ و تریڤیاڵ: مەگەر مەرگ، هەر مەرگ نییە؟

***ئاسار*** (کە خۆی پرۆفیسۆری بواری مێژووی ئایدیاکانە لە زانکۆی یۆتۆبۆری ـ سوید) پێناسەیەکی ئامادە و دیاریکراوی بۆ شەهید خۆی نییە، بەڵکو پتر لەسەر ئاستێکی مێژوویی دەخوازێت ڕووپێویکی کۆی پێناسە جیاواز جیاوازەکانی چەمکی شەهید بکات تاوەکو لە گۆڕانی دەلالەت و مانا و شێوازەکانی گیانبەختکردنیاندا لێکیان جیابکاتەوە.



بەرگی کتێبەکەی ئاسار


میشێل ئاسار

## لە شاهیدی ڕاستییەوە بۆ شاهیدیدان بە خوێن

### ڕیشە ئێتیمۆلۆژییەکان

بە مەبەستی ڕەواندنەوەی هەندێك تەمومژی سیاسیی و ئایدیۆلۆژی بۆ چەمك و وێنەی شەهید، ئاسار وەك مێژوونووسێك دەگەڕێتەوە بۆ بنچینە و ڕیشە ئێتیمۆلۆژییەکانی وشەکە تاوەکو تیشکێك بخاتە سەر گۆڕانکارییەکانی مانا و کۆنتێکستەکانی. وشەی شەهید لە بنەڕەتدا گریکییە (Martys)ە و دەگەڕێتەوە بۆ چاوگی (Martyros) کە بە مانای شاهید دێت، شاهیدی ڕووداوێك، بۆ نموونە هەموو ئەوانەی کە شاهیدی لەسەر دادگاییەکەی سوکرات دەدەن پێیان

وتراوە (Martys) ، بەڵام دواجار ترادسیۆنی مەسیحی دێت و گۆڕانکاری لە خودی چەمك و فەرمانی وشەکەیشدا دەکات: ئیدی (Martys) بە تەنها ئەو کەسە نییە کە بە چاوی شاهیدی دەدات، بەڵکو شاهیدیشە بە خوێن.

شەهیدیشە، بەو مانایەی ئەگەر زۆر باوەڕت بە ڕاستییەك هەیە دەبێت ئامادە بیت لە سەریشی بکوژرێیت و شەهید بیت، تا خەڵکی بتوانن زیاتر بڕوا بە ڕاستی و دروستی دۆزەکەت بکەن! ئا لەم چرکەساتەوە شاهیدی بە چاو دەگۆڕێت بۆ شاهیدی بە خوێن؛ واتە ئامادە بیت خوێنت لەسەر ڕاستی ڕووداوێك، بیروباوەڕێك یان ئایدیۆلۆژیایەك بڕژێت و ڕۆحت فیداکەیت. بێهودە نییە کە لە زمانی عەرەبیشدا وشەکە (شهید) وەك سەرچاوە گریکییە سەرەکییەکە هەمان بنچینە و سەرچاوە (شهد)ەی هەیە، بەڵام جیاوازییەکە ئەوەیە کە بە حوکمی فەرهەنگی زاڵی کولتووری ئیسلامی (استشهاد) وەك پرۆسەی شەهیدبوونەکە وەك لە فەرهەنگە زمانەوانییە عەرەبیەکاندا هاتووە، پتر شەهید بوونە لە ڕێی خوادا و بەو کەسەیش دەوترێت (مجاهد)، واتە جیهاد لە پێناوی خودا، تەنانەت لە کولتووری ئیسلامیدا شەهید ناشۆردرێت، هەر بە خوێن و جەستە کوژراوە هەلاهەلابووەکەیەوە وەك خۆی دەنێژرێت.

دیارە زمانی کوردییش هیچ وشەیەکی پەتی کوردی و خۆماڵی بۆ شەهید نییە و هەمان وشەکە بە مانا ئیسلامی و عەرەبیەکە بۆ هەریەکە لە شاهید و شەهیدیش بە کار دەبات، کە ئەمەش بۆ خۆی لای من شایەنی تێرامانە، چونکە کولتوورێکە غەرقی خوێنی وەك کولتووری ئێمە ماقوڵ نییە کە وشەیەکی پڕ بە پێستی ئەو ڕۆڵە نییە، لە کاتێکدا سەرلەبەری مێژووەکەی قەرزاری ئەو کەرەستەیەیە و بەبێ ئەو وزەیە (شەهید) ناژی!

## چەشنەکانی شەهید

شەهید وەك توندڕەو، وەك ئەو کەسەی کە نایەوێت شەهید بێت، بە ڕای ئەم بیریارە شەهید چەمکێکی نەگۆڕ نییە، سنوورەکانی دیار نین و سات بە سات، ئایدیۆلۆژیا بە ئایدیۆلۆژیا و کێشە بە کێشە دەگۆڕێن، بەڵکو پتر وابەستەی ویستی ئەو گرووپەیە بۆ شەهید کە خۆی پێویستی پێیەتی، جا ئەو گرووپە ئایینی بێت، سیاسی بێت یان شۆڕشگێڕانە و.. هتد.

بۆ (*ئاسار*) گرنگە کە بزانێت ئایا شەهید ئەو کەسەیە کە لە پێناوی هەقیقەتدا دەکوژرێت (وەك نموونە فەلسەفییەکەی کە لە کارەکتەری سوکراتدا بەرجەستە دەبێت)، دۆخێکی تەواو باوەڕدارانە و ئایینییە (وەك لە نموونەی مەسیحدا دەیبینین)، یان چەشنێکە لە قوربانی شۆڕشگێڕانە (بەو شێوەیەی کە نموونە سیاسییەکەی لە کەسایەتی گیڤارادا بەرجەستە دەبێت).

ڕایەك هەیە کە پێی وایە شەهید و شەهادەت شتێك نین بتوانین وا بە ئاسانی جیایان بکەینەوە لە توندڕەویی خۆی، بەو مانایەی کە باسکردن لە شەهادەت واتە ڕاستەوخۆ قسەکردن لە چەشنێك مرۆڤ کە ئامادەیە خۆی بە کوشت بدات: مرۆڤێك کە پێی وایە مەرگ بە نرختر، چێژبەخشتر و گرینگترە لە خودی ژیان خۆی!

بە بڕوای ئاسار دوو چەشن لە شەهید بوون هەن کە پێویستە لێکیان جیایان بکەینەوە:

**یەکەم**، شەهیدبوونێك هەیە فەنەتیك و توندڕەوانەیە، شەهیدبوونە لەسەر بنەمای هۆشیارییەکی دیاریکراو بە مەسەلە و ئایدیایەکی ستراتیژی، شەهیدبوونێکی هۆشیارانە و بە مەبەستە. **دووەم**، چەشنێکی دیکەیە لە شەهیدبوون کە مرۆڤ بێ ویستی خۆی دووچاری دێت، بۆ نموونە سەربازێك کە لە جەنگێکدا دەکوژرێت، مەرج نییە باوەڕی بەو جەنگە و ڕەوابوونی هەبووبێت، لێ ئەوە دەوڵەت، شۆڕش یان نەتەوەیە کە پێویستی بەوە وەك شەهید، تا دواتر هەم وەك یادەوەریی و هەم وەك سەرمایەیەك لە بەدەستهێنانی ڕەوایەتی و هاوسۆزی خەڵکدا بۆ خۆی و مەسەلەکەی (بێگومان نموونەی ئەم شەهیدە ناراستەوخۆیانە لە ژیانی سیاسی ئێمەدا زیاترن) بە کاری بهێنێت.

بە مانایەکی دی، دەشێت شەهید ئەو کەسەیش بێت کە نایەوێت یان نەیویستووە بمرێت و خوێنی بڕژێت، شەهید وەك ئەو کەسەی کە نایەوێت شەهید بێت. ئەم چەشنە مرۆڤانە کە نائاگا و بێ ویستی خۆیان دەبن بە شەهید، شەهیدبوون لایان نە مەبەستە و نە ئامانج، بەڵکو دنیای دوای خۆیان دەیانکات بە شەهید، هەر بۆیە مەرج نییە ئەوەی کە شەهید بوو بە توندڕەو و فەنەتیك ناوی ببەین، چونکە بۆ هەندێك ئامانجە و بۆ زۆربەی زۆری شەهیدەکانیش دۆخێکە نەخوازراو و بە ڕێککەوت و لە گەمەی سیاسییدا تێی دەکەون و دەبنە سووتەمەنی.

## شەهادەت و ترادسیۆنی لاساییکردنەوەی مەسیح (Imitiato Christi) :

[تاوەکو خۆم بە چاوی خۆم جێی بزمارە داکوتراوەکان بەسەر دەست و مەچەکییەوە نەبینم، تاوەکو پەنجە نەژەنمە زامەکانی و برینەکەی سەر سنگی، باوەڕ بە زیندووبوونەوەی ناکەم وتەی (تۆماسی گومانکار) یەکێك لە هاوەڵەکانی مەسیح پاش دەنگۆی زیندووبوونەوەی...]

ئەوەی کە زیاتر ئاسار مەبەستیەتی لێی بکۆڵێتەوە شەهادەت و شەهیدە لە مێژووی خۆرئاوادا وەك یەکەیەکی مێژوویی درێژ و یەکانگیر و جارجاریش پچڕپچڕ، کە ئەگەر چی پتر گرێدراوی کەلەپوری کاتۆلیکییە، بەڵام نموونەکانی لە دونیای مۆدێرنیشدا کەم نین. بەپێی ئامارەکانی کەنیسەی کاتۆلیکی هەرگیز مێژووی مەسیحیەت ئەو ئەندازە زۆرە لە شەهیدی بە خۆوە نەبینیووە وەك ئەوەی کە لە سەدەی بیستەمدا دەیبینین (بێگومان لێرەدا هەموو ئەوانەیش بە شەهید ئەژمارکراون کە بێ ویستی خۆیان شەهید بوون، بۆ نموونە لە جەنگەکاندا: جەنگی جیهانیی یەکەم و دووەم). بەڵام چەشنێکی دیکە لە شەهیدبوون هەیە کە پتر پەیوەستی بزوتنەوە توندڕەوە ئیسلامییەکانە، بە تایبەتی ئەوانەی کە خۆیان دەتەقێننەوە. (ئاسار) ڕای وایە ئەم چەشنە شەهادەتەی توندڕەوی ئیسلامی پتر دۆخێکی سیاسییە و وابەستەی خەونی سیاسییە نەوەك ئایینی.

مەسیح وتویەتی؛ ئەوەی هەمان ڕێگەی من لە شەهیدبووندا نەگرێتە بەر، نکوڵی لە باوەڕ و بڕوای بە پەیامەکەم، دەکەم. بۆ مەسیح گرنگترین شت نیشاندانی (هەستی خۆقوربانیکردنە) لە پێناوی باوەڕدا، باوەڕێك تا نەمر بێت، دەبێت خوێنی ڕژاو بۆی بەردەوام فوارە بکات و نەزیفێك هەبێت بەبێ وەستان. مەسیح شەهادەت و نەمری دەکاتە یەك چەمك و هاومانا و هاوبەها کە بەهۆیەوە نەك هەر خودی کەسەکە، بەڵکو مەسیح خۆیشی نەمر دەکەیت، بەوەی کە هەمان ڕێڕەوی ئەو دەگرێتە بەر.

بەڵام ئایا شەهیدی ڕاستەقینەی مەسیحی هەر ئەو کەسەیە کە لەسەر مەسیحیەت و بایبڵدا خوێنی دەڕژێت؟ تیۆلۆژیستێکی وەك سیپریانۆس (Cyprianus) ڕای وایە کە ئەو کەسەی دەیەوێ بە شەهیدی مەسیحی ئەژمار بکرێت دەبێت لانیکەم دوو خەسڵەتی تێدابێت: هەم مەسیحی بێت و هەم لە پێناوی کەنیسەیشدا خوێنی ڕژابێت!

## شەهیدبوون لە پێناو خاکی دایك

## (Pro Patria Mori)

ئایا شەهیدبوون وابەستەی بەهایەکی ترانسێندنتاڵ و باڵانمایە، واتە بە تەنها گرێدراوی چەمکەکانی وەك خودا، بەهەشت، ئەو دنیا و.. هتدە؟ ئایا هەمیشە ڕیشە ئاسمانییەکانی شەهادەتن کە وا لە مرۆڤێك دەکەن قوربانی بە دۆخ و ژیانی سەرزەمینی بدات، یا بەها زەمینییەکانیش کەمتر و بێنرختر نین لەو مانا و ئەرکە بانزەمینییانە؟

لای ***ئاسار*** شەهادەت بە تەنها پەیوەست نییە بە ئایینەوە، بەڵکو چەندین چەشنی دیکەمان لە شەهیدبوون هەن و لە دیارترینیان شەهیدبوونە لە پێناوی خاکی دایك، شەهیدێکی ترادسیۆنالی شۆڕش یان شەهیدەکانی بیری نەتەوەیی (ناسیۆنالیزم). ئاسار دەیەوێت بڵێت هەمیشە شتێك هەیە وەك ئایدیا کە مرۆڤ بیەوێت لە پێناویدا بمرێت و شەهید بێت، لێ مەرج نییە ئەو شتە بوونێکی ترانسێندنتاڵ و باڵانما بێت وەك بەهەشت یان خوا بۆ نموونە، بەڵکو دەشێت ژیانی هاوبەش، بەرژەوەندی هاوبەش یان خەونی هاوبەشی مرۆڤەکانیش بێت.

## ڕۆژنامەنووسان: کۆپیە فەلسەفییەکانی شەهید لە دونیای هاوچەرخدا

لە مێژووی دێرینی بیری خۆرئاوادا سوکرات هەیە وەك ترادسیۆن کە شەهیدی ڕێگەی هەقیقەت و ڕاستییە و پێی وایە کە فەیلەسوف لە خراپترین دۆخەکاندا دەبێت ئامادە بێت خۆی بکاتە قوربانی، تەنها لەبەر ئەوەی پەردە لەسەر شتێکی نەزانراو یان هەقیقەتێکی شاراوە هەڵبماڵێت، بە ڕای ئاسار کەلەپوری سوکراتی نەك کۆتایی نەهاتووە، بەڵکو لە دۆخە زۆر زیندوو، ئاکتیڤ و گەرمبازاڕییەکەی خۆیدا!

## شەهیدانی قەڵەم؛ ڕۆژنامەنووسان سەردەست عوسمان و سۆرانی مامەحەمە

دیارە نموونە مۆدێرنەکانی مۆدێلی سوکراتی وەك شەهید لە پێناوی هەقیقەتدا ڕۆژنامەنووسەکانن کە ڕیسك بە ژیانی خۆیانەوە دەکەن تاوەکو بتوانن هەقیقەتی دۆخێك یان قەیرانێك دەربخەن، تا

بەهۆی گیانخستنە مەترسییەوە کەسێکی گەندەڵی یان هەر چەشنە ئایرۆنییەکی ناو کایەکانی سیاسەت و ئابووری و پەروەردە دیاربخەن.

بۆ نمونە ئاسار نموونەی چەندین رۆژنامەنووس دەهێنێتەوە کە لە پێناوی کارەکەیاندا بوون بە قوربانی و وەك شەهیدی رێی هەقیقەت دەبینرێن: رۆژنامەنووسانی وەك ئانا پۆلیتخۆفسکای رووسی، ستیڤن بیکۆ لە ئەفریقای باشوور، ڤیکتۆر خارا لە چیلی، سەمیر قەسیر لە لوبنان و چەندانی تر)، بێگومان کۆپییە زیندووەکانی ئەم چەشنە شەهیدە لە ژیانی هاوچەرخی خۆماندا کەم نین: سۆرانی مامەحەمە، سەردەشت عوسمان، کاوە گەرمیانی... هتد!

## یاداشتەکانی شەهید لە بەهەشتدا

## شۆڕشی فەرەنسی و تێگەیشتنی سێکیولار بۆ شەهید

یەکێکی تر لە نموونەی مانا ئاینییەکانی شەهید دیسان بەستنەوەیەتی بە مانا تیۆلۆژی و میتافیزیکییەکانییەوە، تەنانەت لەناو جەرگەی دروشمەکانی شۆڕشی فەرەنسی خۆیشیدا. ئاسار رای وایە کە تەنانەت سیستمێکی سێکیولاری وەك ئەوەی کە شۆڕشی فەرەنسی خولیای بونیادنانی بوو، خاڵی نییە لە مۆدێلە ئاینییەکەی شەهید، شەهید وەك بوونەوەرێکی نەمر کە خۆی لە پێناوی ئێمەدا بەختکردووە. لەم بەشەی کتێبەکەدا ئاماژە بە گفتوگۆ و مشتومڕەکانی **رۆبسپێر** و هاوەڵەکانی دەدات و پێیوایە، کە بە تەنها بوونی کێلێك، چەتر و تاجەگوڵینەیەك بۆ شەهید بەس نییە، واتە ناکرێت شەهید وەك هەر کەسێکی تری ئاسایی یاد بکرێتەوە و لە گۆڕستان تێکەڵ بە هەموو ئەو مردووانەی تر ببێت کە لەبەر هۆکارێك لە هۆکارەکان گیانیان لەدەستداوە، بەڵکو هەمیشە پێویستە جەخت لەسەر ئەوە بکەینەوە کە شەهید نەمرە، لەو دنیایش نەمرە، بە بەردەوامی دەژی و لە یاد ناچێتەوە. لە شۆڕشی فەرەنسییەوە ئیدی بایەخدان بە مەزنکردن و شکۆدارکردنی شەهید دەبێتە پرۆژەیەکی مەبەستداری ئەنقەست کە بەردەوام بۆ مۆبەلایزی شوێنکەوتووان لە ئایندەدا بە کار دەهێنرێتەوە. ئیدی شەهید مادەیەکی ستۆك و مردوو نییە و لە دۆخێکدا بۆ گەیشتن بە ئامانجێك پێویستمان پێی بووبێت و بەس، شەهید داشێکی خوراو نییە لە داشەکانی شەترنجێکی سیاسی، بەڵکو هەمیشە شوناسێکی کراوەیە و دەکرێت بەردەوام بە مانا و نیشانەی نوێ بارگاوی بکرێتەوە.

# فابریکی شەهادەت؛ من و تۆی بەردەوام قەرزار

((ئێمە قەرزاری شەهیدەکانین، ئەوان لە دڵی ئێمەدان))

کارڵ مارکس

شەهید شەهید دەخاتەوە، شەهید شەهیدە فانتازی و دیمەنە بیرلێنەکراوە و ئەگەر نەکراوەکان بە دوای خۆیدا دەهێنێت، واتە زنجیرەبەندییەك لە شەهادەت کە بۆ سەرکەوتنی هەر ئایدیا و ئایدیۆلۆژیایەك گرنگن. بۆ ئەوەی ئەو لافاوی خوێنە نەوەستێت، ئەو خوێنە موقەدەس و پیرۆزە کەفوکوڵی هەبێت، بڕژێت و بڕژێت و بە بەردەوامی لەسەر داروبەرد و بست بە بستی خاکێك ببریسکێتەوە، پێویستە فابریکی شەهادەت لەگەڕ نەکەوێت.

لێرەدا ئاسار پێداگری لەسەر چەمکی یادەوەری و نەمرکردن و پیرۆزکردنی یادەوەرییەکانی شەهید دەکات: نموونەکانی ئەم چەشنە لە تاکتیکی بەکارهێنانی شەهید وەك کارخانەیەکی بزۆك و زیندوو لە شۆڕشە چینایەتی و خەباتەکان دژی کۆلۆنیالیزم و دواجاریش پاکتاوە ڕەگەزییەکاندا زۆر و بێشومارن: جا جیڤارا بێت، هۆلۆکۆست بێت یان نموونە ئاسیاوییەکانی شەهید بێت لە چین، هیند و ڤێتنام و خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا کە یەکپارچە تەژیین بە شەهید و شەهادەت و ڕەوایەتی دان بە مەرگ.

واتە بەکارهێنانی ژیان وەك کەرەستەیەکی گرنگی مەرگاندن! کارکردن لەسەر تۆی قەرزار، تۆی ناچار بە هەڵگرتنی بارێك، بە دانی باج بە خوێنێك کە لە پێش تودا ڕژاوە تەنانەت مارکسیش ناچار دەکات کە لە کۆمۆنەی پاریسدا بڵێت: (ئێمە قەرزاری شەهیدەکانین، ئەوان لە دڵی ئێمەدان)، واتە پرۆسەی بەستنەوەی مرۆ بە ڕابردووەوە (مرۆی قەرزاری خوێن) یەکێکە لە باشترین میکانیزمەکانی برەودان و بەگەڕخستنی ئەو فابریکی خوێنە.

# شەهید بە کوردی

## ئاکت و پۆستەرێکی ئەبەدی

خوێندنەوەی ئەم کتێبە بۆ من هەم چێژبەخش بوو هەم زیان بەخش، چونکە دەرگاگەلێکی نهێنی و پڕ تەلیسمی تیۆری دەربارەی ئەم چەمکە (شەهید) بۆ کردمەوە کە لە جیهانی مندا چ وەك کوردێك و چ وەك تاکەکەسیش پتر وێنەیی بوون و کەمتر بابەتێکی تیۆری! شەهید لە ژیانی مندا یەکەمین کارەکتەری سەر ڕووی شەقام، نەخشە و ڕووبەڕی کۆمەڵایەتی و دیوارەکانە، دێرینترین فیگەرێکە کە پێوەی لەدایکبووم و پێوەی دەمرم:

پۆستەری شەهید جەنجاڵترین دیمەن و ئاکتی ڕیالیستی بووە لەو نیشتمانەدا کە من نیشتەجێی بووم، چونکە لەو چارەکە سەدەیە خۆیدا چەندین وێستگەی جیاجیای پێناسەکردنی شەهیدیش هەبوون کە بەردەوام کردوویانە بە مارکەی ئایدیۆلۆژی نایاب و دانسقە: شەهید سروودێك بووە کە مامۆستاکانم فێریان کردووم بە زەبر و جۆش حەماسەتەوە لەبەردەم میکرۆفۆنێکدا (هاوشێوەی ناسری ڕەزازی) تا دوا ئاستی نەڕاندن، دەنگی لێ بەرزبکەمەوە و بیڵێمەوە. نیشانەیەکی لەزگەیی بازنەیی گوڵاڵەسورەیی بووە کە لە سەردەمی بەعس و جەنگی ئێران عێراقدا دیاننا بە سنگتەوە و دەبوو قبوڵت بکردایە وەك ڕێزێك بۆ ئەو فوارەی خوێنەی هەڵدەقوڵا و بۆ ماوەی هەشت ساڵ خوێنی لە وشکانیش هێنا، لە ئەدەبیاتی شێرکۆ بێکەسدا گەیشتبووە لوتکەی پیاهەڵدان و نەخشاندن: شەهیدی نەمر وەك شاخ و گوڵباخ! بە هەڵگیرسانی ڕاپەڕین شەهید هێندەی تر عەرشەکەی داگیرکرد، سوچ و پەناکانی پڕکردەوە، کەلێنێکی بۆ شیمانەی ژیانێکی شایستە بە ژیان خۆی نەهێشتەوە و بووە سیگناڵێك بۆ بێزرخکردنی تەمەن خۆی (کەم بژی و کەڵ بژی)، دواتر لەگەڵ جیهانی شیعریی بەختیار عەلیدا و پاش هەژموونی جەنگی ناوخۆ، تەواو ڕادیکاڵانە گۆڕا و بوو بە گەمژە، بە کەسێکی پاسیڤی بەکارهێنراوی فرۆشراوی بازرگانی پێوەکراو.

شەهید وەك گەمژەیەکی دیستۆڤیسکیانە کە خۆیشی نازانێت بۆ هێندە سەخی و دەستکراوە و گیان لەسەر دەستە، کە بۆچی لە خەیاڵیدا نییە بۆ شەهیدە و لەسەرچی خۆی کردۆتە گیانفیدا؟! پاش لێدانەوەی ئەو کاسێتە ئایینی و سیاسییەی جیهانی کوردی بۆ خوێندنەوەی شەهید، شەهید وەك بەرنامەیەکی ڕادیۆیی و پەخشێکی تیلیڤزیۆنی، ئیدی مافی ئەم نەوەیە کە بپرسێت: تاکەی شەهید دەبێت، تاکەی و لەسەر بنەمای چ کۆست و بەرنامەیەکی دروستکەرانە خۆی دەتەقێنێتەوە و گیانفیدا دەبێت؟ کەی شەهیدبوون وەك هاومانای زیندوێتی ڕۆحی کوردی کۆتایی دێت؟ کورد ئەگەر شەهید نەبێت چی لێ بەسەر دێت؟

پاسیڤ یان نەمر دەبێت؟ ئایا مرۆڤی کوردی بە گشتی، جگە لە شەهیدبوون زیاتر، هیچ ڕێگەچارەیەکی تری ئەنکیدۆییانەی هەیە بۆ گەڕان تا بەهۆیەوە نەمربێت؟ ئایا مرۆڤی کورد تەنها و تەنها دەبێت شەهید بێت تا نەمر بێت؟ پرسیارگەلێکن کە بە بەردەوامی ئەو فابریکی مەرگ و مردنەی ناوی کولتووری کوردییە، لە ناخی مندا وەك پرسێکی بوونگەراییانە دەیانوروژێنێت، خەبەریان دەکاتەوە و بەردەوامیش بە ئەنجامە بێهودەکانی دەمحەپەسێنێت، ئەمە زیادەڕەوی و نییە و تەواوی ڕیتۆریکی ئەم چەند مانگەی دوایی لە بەردەم هەڕەشەکانی داعش و ئەزموونی کۆبانییدا ئەو ڕاستییەمان بۆ دەسەلمێنێت، ڕاستی ئەوەی کە ئەگەر شەهید نەبێت ژیان چی لێ بەسەر دێت؟!